# به هه شتی ده سه لآت و دۆزەخی خەڵک !!

## چه ند پرسیارێک له بارزانی



ابراهیم حسین
ibrahimhwssain@hotmail.com
24.11.2005

باسی دیموکراسی بوون و ئه وه ی که گوایه کوردستانی ژێر ده سه لآتی حیزبه کانی بزووتنه وه ی کوردایه تی خه ریکه نموونه یه ک به خۆیه وه ده بینێ که جیاوازه له نموونه ی هه موو ولآتانی ناوچه که له سه ر شاشه ی ته له فیزیۆن و له ڕۆژنامه و میدیاکان ڕووبه ڕێکی فراوانی بۆ خۆی ته رخان کردووه. ڕۆژانه سه رانی حیزبه ده سه لآت داره کان نه ک هه ر له میدیای ناوخۆ به لکو ته نانه ت له سه ر ئاستی ده ره وه ش له هه وڵی ئه وه دان که به دنیا و به ڕای گشتی بقبوڵێنن که ده سه لآتی ئه وان نمونه ی ده سه لآتێکی دیموکراسی ئه و تۆیه که ده بێ پشتیوانی لێ بکرێ و وه کو نموونه یه ک له هه موو ولآتانی تری ناوچه که چاوی لێ بکرێ وه ک بارزانی له ڤاتیکان وتی کوردستان ئێستا مه لّبه ندی ئازادی و ئاسوده یی و دیموکراسیه ته.

به هه ر حاڵ باری سیاسی و ئامانجێک که بارزانی و سه رانی تری بزووتنه وه ی کوردایه تی له و قسانه به سوێنیه وه ن ڕۆشنه که ده یانه وێ جێگه پێی خۆیان وه ک شه ریکه به ش له ده سه لآت دا له به رامبه ر ره قیبه به هێزه کانیان له ره وتی شیعه ی سیاسی که سه رباری ئه وه ی کۆ مه لّێک ده سکه وت و ئیمتیازی گرنگی به ده ست هێناوه له بابه تی زاڵ کردن و سه پاندنی ره شنووسی ده ستوور به لآم هێشتا پێی وایه به ئانجه کانی خۆی نه گه یشتووه و هێزه کانی تری ناسیۆنالّیزمی عه ره بی له مقاوه مه چی هه تا ده گا به باڵ و لقه ئه مریکا په سه ندتره کانیان که خوازیاری ده ورو به شی زیاترن، به هێز بکه ن و له و کێشمه کێشانه دا له چاوی ئه ورووپا و ئه مریکا وه ک هێزێک حیسابیان له سه ر بکرێت که له هه موان زیاتر ده توانن به پێی نیازو به رژه وه نده کانی ئه وان هه لّسو که وت بکه ن. دیموکراسی بوون و باسی دیکراسیه تی مۆدێلی ده سه لآت که بارزانی و سه رانی تری بزووتنه وه ی کوردایه تی خه ریکن شابه یتی له سه ر

ده هۆننه وه بڕیاره بۆ ئه وان ئه و ئامانجه دیاریکراوه سیاسیه ی که له سه ره وه باسمان کرد بپێکێ له به شێکی دا،به لاّم له به شێکی تری دا ڕووی له خه لکی کوردستانه و ده یه وێ به و جۆره ئه و ڕاستیه په رده پۆش بکا که ئه وه بزووتنه وه ی کوردایه تی و پارتی یه کێتی بوون که چاره نووسی کوردستانیان دوچاری بێ ئاینده یی و سه رگه ردانی کردو 15 ساڵه کوردستانیان به یارمه تی ئه مریکا و ڕۆژ ئاوا گۆڕیوه به ئۆردو گایه کی گه وره ی ئاواره یی و خه ڵکه که شیان گۆڕیوه به و ئاوارانه ی که به خێر و سه ده قه ی نه ته وه یه کگرتوه کان و کۆمه ک و کارو چالاکی رێخراوه مرۆییه کان ڕۆژگاره کانی ژیانیان له چاوه ڕوانی و بێ ئومێدی دا له سایه ی

ده سه لاّتێکی حیزبی و میلیشیایی دا ده به نه سه ر . له سایه ی ئه و سه رگه ردانی و دیار نه بوونه ی ناسنامای ولاّتیه ی کردوستان، 15 ساڵه ده سه لاّتی کوردایه تی خه ریکه ژیان و چاره نووسی خه ڵکی کوردستان ، ئیراده و خواستی هه میشه یی ئه وان بۆ ده ست ڕاگه یشتن به ژیانێکی ئازاد و ئینسانی ده هاڕێ و له ناو دڵی ئه و حاڵه تی ئۆردگانشینی و شێوه ژیانی ئاواره ییه که به یارمه تی ئه مریکا بۆ خه لکی کوردستانیان به دیاری هێنا ، ده سه لاّتی حیزبی و میلیشیایی خۆیان به سه رسینگی کۆمه لگادا سه پاند. شه ڕی ناوخۆ و به کوشت دانی هه زاران که س له

شه ڕی دابه ش کردن و تاپۆ کردنی سه روه ت سامانی کۆمه ڵگا و نقووم کردنی کۆمه ڵگای کوردستان له نا ئارامیه کی گه وره ی سیاسی و کۆمه لاّیه تی و په ڕ و بال لێ رواندنی ئیسلامیه کان و گۆرینی کوردستان به مه یدانێکی ده خاله تی ولاتانی ناوچه که ده ست که وت و خێرو بێری ئه و ده وره یه ی ده سه لاّتی ئه وان بوو.

ئامانج و به رژه وه نده کانی بارزانی و سه رانی حیزبه ده سه لاّتداره کان له و بانگه شه یه هه رچیه کبێ ، ده بێ ئه وڕاستیه بخه ینه وه بیری هه موان که پڕۆژه ی بارزانی و ناسیۆنالیسته کانی کوردستان، هه مان پرۆژه ی به ئیسلامی کردنی کۆمه ڵگا ، پرۆه ی بینا کردنی ده سه لاّت و ده وڵه ته له سه ر بناغه ی تایه فه گه ری، نه ته وه چێتی و دین و بیرو باوه ڕی دینی. ئێستا پرسیار ئه وه یه چۆن که س وبزووتنه وه یه ک که له سه پاندنی ده سه لاّتی ئیسلامی و قه ومی و تایفی شه ریک و هاو کاری سیستانی و جه عفه ری و هێزه ئیسلامی و قه ومیه کانی تره ده توانێ خۆی وه کو قاره مانی پاراستن و به ر قه رار کردنی ئازادی و ئاسوده یی به یه که وه ژیانی خه لک ولێ بورده یی نیشان بدا ؟!! ئا یا بارازانی که له به ختی شومی قه ده ر وه کو کوێخا و ده م ڕاستی خه لکی کوردستان قسه ده کا، قه راره به داسه پاندن یان هاوکاری کردنی ده سه پاندنی ده ستتورو ده وله تی ئیسلامی وعروبی عێراق ، ژنانی کوردستان و عێراق ئاسوده بکا که ئیتر له مه و دوا له ماف و ئازادیه کانی خۆیان نیگه ران نه بن و پێیان بڵێ که ئیتر بریار و حوکمه کانی شه ریعه ی ئیسلامی که له( ئه لفه) وه هه تا( یا)ی دژی حورمه ت و که رامه تی ئینسانی ژنانه نه ک بۆ سه ر شۆر کردنی کۆمه لاّیه تی و ئینسانی ژنانی عێراق به ڵکو قه راره به بۆراقێک دا بۆ ژنانی مه ریخێکی تری بنێرن و له وێ داد و عه داله تی ئیسلامی به هه قی ژنان جێ به جێ

بکرێ ؟ ئایا قه راره به خه لکی کوردستان بلێ که حیجاب و ده وڵه تی فتواو مه رجه عیه تی دینی ، کۆماری ئارامی و ئاسوده یی و کۆماری به یه که وژیان و به یه که وه هه لکردن و به یه که وه

ژیا نی خه لکه و ئیتر خه لکی کوردستان ولاوان و ژنانی کوردستان ده بێ سوپاسی بارزانی و تاڵه بانی بکه ن که له بری ده ریا یه ک خوێن و ده ربه ده ری و ئه نفال و گوندو ماڵ کاول بوون له سایه ی ڕژێمی قه ومی عه ره بی پێشوو ، ئێستا مه رحه مه تی ژیان له سایه ی ده سه ڵاتێکی ئیسلامی و قه ومی و تایفیان پێ ره وا ده بینن ؟!!

به ڵام ئه گه ر به ڕاستی کوردستانی ژێر ده سه ڵاتی یه کێتی و پارتی و حیزبه کانی بزووتنه وه ی کوردایه تی نمونه ی ڕه چاو کردنی ئازادی و لێ بورده یی و دلنیایی و ( دیموکراسی)ه تێکی ئه وتۆیه که سه رانی ده سه ڵات شابه یتی له سه ر ده هۆننه وه ،ده بێ به سینگی فراوانه وه وه ڵامی ئێمه و خه لک بده نه وه ڕاوه دونان و رفاندن و بێ سه ر وشوێن کردنی ناڕازیان و که سانی موخالیفی ده سه ڵات له و به هه شتی ئارامی و ئازادیه که ئیددیعای ده که ن چیه و چیتر ده گه یه نێ جگه له وه ی که ئازادی له و مه مله که ته بۆ ده سه ڵات و حیزبی ده سه ڵات و بۆ پیا هه ڵدان به قودسیه ت و عه زه مه تی ئه و سه رۆکانه تاپۆ کراوه که جگه له ئیراده و خواستی حیزب هیچ خواست و ئیراده یه کیتر نه ی گه یاندون به عه ر شی موقده سی ده سه ڵات و فه رمان ره وایی؟ ئه گه ر ئازادی له و به هه شته هه ر تا ئه وێ و تا ئه وه نده برِ ده کا که له گوڵ کاڵ ترت به ده سه لات نه وتبێ و قودسیه تی ده سه ڵات وره وایی سیاسی کۆمه ڵایه تی ده سه ڵاتت نه خستبێته ژێر پرسیاره وه ، کوێی ئه م روایه ته ده کرێ له ریوایه تی ده سه ڵات و رژێمه دیکتاتۆرکانی تر ، کوێی ئه م هه ڵسو که وته له گه ڵ ئازادی له هه ڵس و که وتی رژێم و ده سه ڵاته دیکتاتۆره کانی تر جیا بکرێته وه؟ وه سه ره نجام کوێی ئه م نه ریته له هه ڵس وکه وت کردن له گه ڵ ئازادی، جیاوازه له ونه ریتانه ی که جیهان بینیان له سه ر بنه مای دوژ منایه تی کردنی ئازادی دامه زراوه؟ ئه گه ر کوردستانی ژێر سایه ی ده سه ڵاتی یه کێتی و پارتی به هه شتی ئازادی و ئاسوده بییه، ده کرێ ئه و به رێزانه بفه رموون بۆ خه ڵکی روون بکه نه وه که ته قه کردن له خۆ پیشاندانی شارستانی و هێمنانه ی خوێندکاران هه ولێر هه ر چه ند رۆژ له مه و به روخۆ پیشاندانی ئاکرێ و ده ر به ندیخان و هتد.. له دژی گه نده ڵی و ئه و بێ مافی و نا هه قیانه ی که له و به هه شته دا خه ڵک به ده ستیه وه ده ناڵێنن ده چێته خانه ی کام ریوایه ت له به رقه رار بوونی ئازادی و ئاسوده یی و ئایا به م حاڵه شه وه چاوه ڕوانی ئه وه ده که ن خه لکی کوردستان ئه و ئیددیعایانه له ئێوه به جیددی وه ربگرن؟!!